# دکتۆر کەمال قادر: لەنێوان ڕسواکردنی گەندەڵی وئازادی ڕادەربڕین و تۆڵەدا



د. ئەحمەدە میراودەلی
mirawdaly@hotmail.com

لە یەکەم ڕۆژی دەستگیرکردنی دکتۆر کەمال سەید قادرەوە ، وتاری سەرەکی سایتە ئەلیکترۆنییەکانی تاراوگە دەربارەی دەستگیرکردنی دکتۆرن . زوربەی نووسەر و ڕۆشنبیرانی تاراوگە نارەزایی و بێزاری خۆیان لەشێوەی دەستگیرکردن و زیندانیکردنەکەیدا دەربڕیوە. بەشێوەیەکی گشتێش زووربەی زۆری ڕاکان لەگەڵ شێوازی نوسینەکانی دکتۆر کەمال نین ، وەلێ هەموشیان بە یەک دەنگ داوای ئازادکردنی دکتۆر کەمال دەکەن . بێ گومان هاتوهاواری نوسەر ورۆشنبیران تەنها لەبەر مەترسی لەسەر ژیانی بەرێز دکتۆر کەمال نییە، بەڵکو هاتوهاوارە بۆ بەرقەرارکردنی یاسا لە وولاتی بێ یاسادا. ئەزیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ ئەو دەنگانەی داوای بەرقەراربوونی یاسادەکەن و داواشدەکەم ژیانی دکتۆر پارێزراوبێ و وەک دەستگیرکردنەکەی نادیمۆکراتیانەو ناشارستانییانەبو ، هەر نەبێ لەمەودوا شارستانییانە مامەڵەی لەتەکدا بکرێ. لێ دەبێ ئەوە بزانین کە، کۆنفلیکتی ئەوڕۆی نێوان ڕۆشنبیرو نوسەران لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کوردستاندا، کۆنفلیکتی نێوان دوو بەرەی جیاوازە ، کۆنفلێکتێکە لەنێوان هەردوو بەرەی فیودالیزم و عەلمانی کوردستانیدا. لەمێژە بەرە عەلمانییە دیمۆکراتخوازەکە بۆ بە ئاگاهێنانی جەماوەر، وەک قۆڵکانێک دژی کردارە نادیمۆکراتییەکانی هەردوو دەسەڵاتەکەی کوردستان دەمی کردۆتەوە و ڕۆژانە بەخەستی ڕوداوەکان بۆ جەماوەر ڕوون دەکاتەوە، ناوبەناویش لەسەر دەستگیرکردنی نایاساییانەی ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیران، کەفی تووڕەیی دەچێنێ .

بەرە فیودالەکە بۆ مانەوەی خۆی لە بەکارهێنانی زەبر و زۆنگ زیاتر چیتر نازانێ ، لێ بەداخەوە ئێمەی بەرەی ڕۆشنبیرو نوسەرانیش کە داواکاری سیستێمی عەلمانین ، زۆرمان ئاگامان لە پرینسیپەکانی دەوڵتی عەلمانی و دیمۆکرات نییە .

بەلای زووربەی زۆرمان، ئازادی ڕادەربڕین چ بە وتە و چ بەنووسین کەسیستێمی دیمۆکرات بەتاکی کۆمەڵگای ڕەوا کردووە، مانای تێکوتەو تێبرەیە، چیت دەوێ بڵێ و چیت دەوێ بێکە و کەس نابێ لەرێگەتا کۆسپ بێت . ئاگامان لەوە نییە کە هەمووشتێک لە سیستێمی دیموکراتیشدا سنووردارە. لە سیستێمی دیموکراتدا ، ئازادی تاکەکەس هەتا سنووری ئازادی کەسێکی دیکە بردەکا و بۆی نییە هەستی کەسێکی دیکە بروشێنێ ، ڕوشاندنی هەستی کەسێکی دیکە بەزاندنی سنوورە ئازادەکەیەتی و پێشێلکردنی یاسایە و سزای لەسەرە . بەداخەوە هەندێک نوسەر و بگرە هەندێک لە ڕۆشنبیرانیش لە نوسینەکانیاندا بە هەڵەوە لاسایی نووسەرانی ڕۆژئاوا دەکەنەوە لە ڕەخنەو هێرشدا بۆ سەر ئیلیتی حوکمڕان و سەرکردایەتی پارتە کوردستانییەکان ، بەش بەحاڵی خۆم هیچ لارییەکم لە لاساییکردنەوەی دابونەریتی ڕۆژئاوایی جواندا نییە، وەلێ لاساییکردنەوەکە دەبێ پراوپڕ بێ، نەک شەل و شەکەت .

وەک ئاگادارین بۆ نووسینیش وەک هەرشتێکیتر لە ڕۆژئاوادا یاسای تایبەتی هەیە و هەموو نوسەرانیش ملکەچن بۆی ، نووسەری چەموشیش بەپێی یاسا سزا دەدرێ. بەرێز دکتۆر کەمال : کە بۆخۆی یاساناسە و هەڵگری دوو بڕوانامەی دکتۆرایە لەو بووارەدا، نەدەبوو هێندە ڕێسای نووسین پێشێل بکات یان سووکایەتی بە کەسێک بکات کە قودسییەتی لە دڵی سەدان هەزار ئەگەر نەڵێین چەند ملیۆنێک کورد دا هەیە. ئەز سەر بە هیچ پارتێک نییم ، وەلێ ئەوە دەزانم کە ناتوانرێ مێژووی خەباتی کوردستانیان لە دوانیوەسەدەی ڕابووردا لە ژیانی خوالێخۆشبوو، بارزانی نەمرجیابکرێتەوە.

نووسەران ، چ ڕۆژئاوایی و چ ڕۆهەڵاتیش ، کە ناوی سەرکۆمارێک یان پەیامبەری ئاینێک دەهێنن ڕێزیشی بۆ دادەنێن ئەگەرچی ئەو سەرکۆمارە سەرکۆماری وولاتەکەشی نەبێ ، یان هیچ بڕواشی بە پەیامی ئەو پەیامبەرە نەبێ . کێ ڕێز لە پەیامبەری ئاینێک دەگرێ کە کەس وەدووی ئاینەکەی نەکەوتبێ؟

ڕێزگرتن لە کەسێکی ناودار، ڕێزگرتنە لەجەماوەرەکەی و سووکایەتی پێکردنیشی سووکایەتییە بە جەماوەرەکەی .

دەبێ ئەو ئیعتیبارەش بکەین کە ، کولتووری ڕۆژئاوایی ورۆژهەڵاتی زۆر جیاوازن ، لە کولتووری باکوری ئەمەریکادا بە کەسێک بڵێی "حیز" بەدەمتووەوە پێدەکەنی و ڕەنگە پێشی خۆشبێت ، لێ لە کولتووری کوردەواریدا بە کەسێک بڵێی حیز یان گەوواد ، ورگی خۆی لەسەر بەدرین دەدا. ناو و ناتۆرە لێنان لە هەرکۆمەڵگایەکدا سەنگ ورەنگی تایبەتی خۆی هەیە ، ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریشەوە، نووسەرانی ڕۆژئاوا ڕاستەوخۆ کەسێکی تر ناکاتە کەرو گاو خۆفرۆش، بەڵکو کردارەکانیان بەوشێوانە ناودەبەن، لێ بەداخەوە ئێمە بەهەڵە لێیان تێگەیشتووین .

ڕاسته ناسنامەی خویندن لە هەر بوارێکدابێ ، هەڵگرەکەی دەکاتە خوێندەوار و شارەزای بووارەکە، وەلێ مەرج نییە بیکاتە ڕۆشنبیر. بەڕای من نوسینەکانی دکتۆر کەمال ، لە ڕسواکردنی گەندەڵی و ئازادی ڕادەربڕین تێپەڕیون و لە تۆڵەسەندن زیاتر هیچیتر لەخۆ ناگرن . شێوەی دەستگیرکردنی دکتۆر کەمالیش، ئەگەر تۆلەسەندنەوەش نەبێ ، ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکە بە هەڵەیەکی گەورەتر وزیانێکی گەورەشی بە بنەماڵەی بارزانی و حکومەتی هەولێر گەیاند .

ئەزیش دەڵێم ، شێوەی ونکردنی دکتۆر کەمال و دواتر داننان بە بەندکردنی لەژێرگوشاری میدیادا، کارێکی قێزەوەنە.

با ئەوپرسیارەش لەخۆمان بکەین، هەتا بڵاوبوونەوەی دەنگگۆی دەستنیشانکردنی بەڕێز مەسعەد بارزانی بۆ سەرۆک هەرێمی کوردستان ، دکتۆری بەڕێز بۆ ئاگادارییەکەی خۆی لەسەر تەونە سیخوڕیەکانی بنەماڵەی بارزانی ، بە میدیا ڕانەگەیاند ؟

کەنەدا 2005/11/9